## مۆنالیزا ... خالید شەیدا

ئەی کچە جوانەکە
فرشتەکەی ئاسمان
ئەی خواوەندی جوانی
نازانم تۆ
ئەو جوانیەت
لە کوێ قۆزتیتەوە
لە مانگ
لە خۆر
یان لە ئەستێرەکان... !
لە ڕووبار
لە دەریاکان
یان لە گوڵ و گوڵزار
کە من لێت
دەڕوانم
نازانم
تۆ دەگریی
یان پێدەکەنی
کاتێ داڤنشی
وێنەی تۆی کێشا
ئەشقێکی لە دڵ جێما
ئەویش سەری لێ شێوا
نەیدەزانی
تۆ لێوبەباری
یان لێو بەخەندەی
ئەی کچەکەی
سروشت و جوانی
تۆ گیانێکی بێ گەردی
تۆ خواوەندی
سیمبولی جوانی و ڕاستی
جوانیت بێ وێنەیە
بۆیە ئەوەندە خنجیلانەو
لە سەر زاران شیرینی
تۆ سۆزو خۆشەویستی و
ئاوازو گۆرانیت
لە جوانیت
تۆ هەوێنی
دڵی عاشقانیت
بە نیگاو سیمات
دڵی عاشقان
دەخورپێنیت

هانۆڤەر.. 05/09/07